دەنگی مەخموور

خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر
بەختیار محەمەد
makhmur@yahoo.com

ژمارە (٣٤) | رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت | نرخ (٥٠٠) دینار دووشەممە ١٥ / ٨ / ٢٠١١ | ٢٤ی خەرمانانی ٢٧١١

گوندەکانی سنووری قەزای مەخموور

بۆ ژمارەی ئەمجارەی رۆژنامەی دەنگی مەخموور بەپێویستمان زانی ناوی تەواوی گوندەکانی سنووی قەزای مەخموور بخەینە بەردیدی خوێنەران کە بریتییە لە گوندەکانی سەنتەری قەزای مەخموورو هەر سێ ناحیەکانی (قەراجو کەندێناوەو گوێڕ)..

بڕوانە لاپەرە (٣)

سامان قەرەچوغی:

بۆچی مەخموورییەکان یەک دەنگ نین!!

٤

سەرگەڕان لەنێو سالانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا

٥

شەکیرا بەچی پیکێی سەرسام کردووە؟

٧

(دەنگی مەخموور) بەدواداچوون بۆ پرۆژەیەک دەکات کە بوونی نییە

بڕی (٥٩,٧٥٠,٠٠٠) دیناری "پارکینگی مەخموور" دیار نییە

کارزان غەمگین - مەخموور

دوای بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەیەک بەناوی شارەوانی مەخموور لەلاپەڕە(١٥)ی ئەم گۆڤارەدا باس لەپرۆژەکانی قەزای مەخموور دەکات کە لەلایەن شارەوانی مەخموورەوە سەرپەرشتی کراون، وەکو دروستکردنی گۆڕەپانی وەستانی ئوتومبێل (پارکینگ) کە لایەنی جێبەجێکار پارێزگای هەولێرەو بەگوزمەی ٥٩,٧٥٠,٠٠٠ دینار لەساڵی ٢٠٠٦ جێبەجێکراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی باسە تائێستا لەمەخموور نەزانراوە گۆڕەپانی وەستانی ئوتومبێل هەبێتو ئەم پرۆژەیە بوونی نییە.

بۆ بەدواداچوونی زیاتر لەسەر ئەم پرسە، ئەندازیار (ئەسعەد عەلی قادر) بەڕێوەبەری ئێستای شارەوانی مەخموور بەرۆژنامەی (دەنگی مەخموور)ی راگەیاند "من حەزم کرد شتەکان بەشەفافیەت بڵاو ببێتەوە لەو تێبڵەی کە لەگۆڤارەکە دانراوە، نامەوێت یەک شت لەخەڵکی مەخموور شاراوە بێت، ئەو تێبلەش لەکاتی ئامادەکردنی گۆڤارەکە هێنراوەتە بەردەستمو بەدواداچوونم بۆی نەکردووە، ئەگەر جێبەجێ نەکرابێت، من لێی بەرپرسیارم نیم، چونکە من لە ٢٠١٠/٥/٣ دەست بەکاربوویمەو لەهەر روونکردنەوەیەک ئامادەم دوای ئەو رێکەوتە کەجێبەجێ کرابێت، یان لەژێر جێبەجێکردن بێت".

سەبارەت بە دیار نەمانی ئەو پارەیە رائید (سەرباز عەبدوڵڵا) بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆیی مەخموورو بەرپرسی دەستەی نەزامە رایگەیاند "هیچ زانیارییەکم لەسەر ئەو پارکینگە نییە، لەگەڵ بەڕێوەبەری ئێستای شارەوانی مەخموورییش قسەم کردووە ئەویش زانیاری نییە، نازانین لەکوێ کراوەو نەمزانیوە پارکی وەستانی ئوتومبێل هەبێت، ئەگەر پرۆژەی وانەکرابێت ئێمەش هەڵوێستمان دەبێت".

لەلایەن خۆیەوە (ئیبراهیم شێخەڵا) قایمقامی قەزای مەخموور بەوەکالەت گوتی "زۆرجار کێشە لەناوی پرۆژەکان دروست دەبێت، هێشتا دڵنیا نین تا بەرابییەکان نەبینین ناتوانین هیچ بڕیارێ لەسەر بدەین، بەڵکو پرۆژەیەکی ترەو لەشوێنێکە کە ئێمە ئاگامان لێی نەبێت، چونکە نەمنو نە بەڕێوەبەری ئێستای شارەوانی مەخموور لەساڵی ٢٠٠٦ لێرە نەبووینە، ئەگەر شتی وانەبێت دواتر نووسراو بۆ سەرووی خۆمان دەکەینو ئاگاداریان تا بەدواداچوونی لەسەر بکەنو رێوشوێن بگرنە بەر".

٣

مەحمود عوسمان:

لیژنەی مادەی ١٤٠ لەکارەکانی سەرکەوتوو نابێت

دەنگی مەخموور- ئاژانسەکان

مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق پێیوایە کە ئەو لیژنەیەی دانراوە بۆ مادەی ١٤٠ ناتوانێت لەکارەکانیدا سەرکەوتوو بێت.

د.مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە ئاژانسی پەیامنێری ڕاگەیاند "لەپەرلەمانی پێشوو لیژنەیەک هەبوو ئەو لیژنەی لێپرسراوەکەی کوردبوو خەڵکێکی کەمی کوتلەکانی تیابوو لایەنی کوردی ڕۆڵی سەرەکی تێدادەبینی کە چاودێری چۆنیەتی جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ای دەکرد"، وتیشی، ئەمجارە ئەولیژنەیە ٣٨ کەسەو ٦ ئەندامی کوردی تێدایە ئەوانی تر هەمووی کوتلەکانی ترن کە پەیوەندیەکی وایان بەمادەی ١٤٠وە نیە کێشەکەیان بێ ئەهمیەت کردووەو لەناو ئەو قەرەبالغیە بڕواناکەم کورد بتوانێت شتێکی ئەوتۆ بکات لەبەرئەوە ئەولیژنەیە زۆر جێگای ئومێد نیەو سەرکەوتوو نابێت لەکارەکانیدا.

د. مەحمود عوسمان ڕونیشیکردەوە کە هۆکارێکی تریش ئەوەیە ئەوان زیاتر کێشەکان پەیوەست دەکەنەوە بە خواروی عێراق وردە وردە کێشەکە والێدەکەن لایەنە کوردیەکە کەم بێتەوە هەموو هەنگاوەکان بۆ ئەوەیە مادەی ١٤٠ کە پەیوەندی بەناوچە کوردیە دابڕاوەکان هەیە گرنگی کەم بێتەوە.



ئەمساڵ پە یمانگەی تەکنیکی مەخموور یان کۆلیژێک دەکرێتەوە

تایبەت بە دەنگی مەخموور

دوا دەرچوونی بڕیاری کردنەوەی پەیمانگای تەکنیکی مەخموور، تائێستا ئەو بڕیارە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردن بەهۆی نەبوونی مامۆستا، قایمقامی مەخموورییش دەڵێت ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین تاوەکو ئەمساڵ ئەو پەیمانگایە بکرێتەوە.

ئیبراهیم شێخەڵا قایمقامی مەخموور ڕایگەیاند "هەموو ئامادەکارییەک بۆکردنەوەی پەیمانگای تەکنیکی مەخموور دەکەین، بۆ ئەم مەبەستە کێشەی نەبوونی جێگامان نەهێشتووە، تەنها ئەوەنەبێت ئێستاکە کێشەی میلاکی مامۆستا هەیە بۆ ئەو پەیمانگایە دابنرێت"، ئیبراهیم گوتیشی "بڕیاری فەرمی کردنەوەی پەیمانگای تەکنیکی مەخموور دەرچووە، بەڵام ئەگەر بێتو مامۆستا نەبێت، ئەوکاتە هەوڵدەدەین کۆلیژی بونیات بەشی کوردیو عەرەبی لەمەخموور بکەینەوە، بۆیە لەکاتی نەبوونی مامۆستا بۆ پەیمانگای تەکنیکی ئەوا کار بۆ کردنەوەی کۆلیژێک دەکەین، ئومێدەوارین بۆ ساڵی نوێی خوێندن بتوانین پەیمانگا یاخود کۆلیژێک لەمەخموور بکەینەوە".

قایمقامی قەزای مەخموور:

بڕی دوو ملیارو پێنج سەد ملیۆن دینار وەکو بوودجەی مەخموور تەرخانکراوە

تایبەت بە دەنگی مەخموور

قایمقامی قەزای مەخموور ڕایدەگەیەنێت کە بوودجەی قەزای مەخموور بۆ ساڵی ٢٠١١ بریتیە لە ٢ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دینار، وابڕیارییشە لەبودجەی ناوچەدابڕاوەکان کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە بەشێک بۆ مەخموور تەرخان بکرێت.

ئیبراهیم شێخەڵا قایمقامی قەزای مەخموور تایبەت بە (دەنگی مەخموور) ڕایگەیاند "لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە بوودجەی تەکمیلی تەرخانکراو بۆ مەخموور بڕی ٢ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دینارە، جگە لەم بوودجەیە پەرلەمانی کوردستان بڕی ٧٠ ملیاری دیناری تەرخانکردووە بۆ ناوچە دابڕاوەکان، کە بێگومان مەخموورییش لەو بڕە پارەیە بەشی خۆی پێدەدرێت"، گوتیشی "لەماوەیەکی نزیکدا دەستدەکرێت بەدابەشکردنی ئەو بڕە پارەیەو ئێمەش چاوەڕێی ئەوە دەکەین بەشێکی تایبەت بکرێت بۆ سنووری قەزای مەخموور".

لەبارەی دواکەوتنی چەکی قەرەبووی ماددەی ١٤٠ تایبەت بەهاوڵاتییە ئاوارەکانی مەخموور، قایقمامی مەخموور بێ ئاگایی خۆی لەو لیژنەیە نیشاندا کە پێشووتر لەمەخموور کارەکانی ئەو ماددەیان ڕاپەڕاندووە کە بەو هۆیەوە تەنها ناوی هاوڵاتیانی مەخموور بەبێ قۆناخو بەبێ وەجبەیە، لەوبارەیەوە گوتی "هەندێ جار لەکاتی گەڕانەوەی ناوەکان بەشێک بۆ مەخموور تەرخان دەکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی ناوی هاوڵاتیانی مەخموور بەبێ قۆناخو وەجبەیە، بۆیە دەبینین ڕێژەیەکی کەم بۆ مەخموور دادەنرێتو هۆکارەکەشی بۆ ئەو لیژنەیە دەگەڕێتەوە کە پێشووتر لەمەخموور ئەو کارانەی کردووە"، گوتیشی "ماوەی ٣ مانگە لەوەتەی من وەکو قایمقامی مەخموور دەست بەکاربوومە تائێستا هیچ بەرپرسێک لەماددەی ١٤٠ سەردانی مەخموورییان نەکردووە". ڕوونیکردەوە "لەهەوڵی بەردەوام دەبین بۆ گەڕانەوەی زۆرترین چەکی قەرەبووی ماددەی ١٤٠ بۆ سنووری قەزای مەخموور، بۆ ئەم مەبەستە لەنزیکترین کاتدا لەگەڵ دکتۆر محەمەد ئیحسان دادەنیشینو گفتوگۆی ئەو پرسانە دەکەین کە پەیوەندی بەچەکی قەرەبووی مەخموورەوە هەیە.